# Global Storybooks

globalstorybooks.net

## ماگۆزوە


Lesley Koyi
Wiehan de Jager
Agri Afshin



This work is licensed under a Creative Commons Attribution 4.0 International License.

https://creativecommons.org/licenses/by/4.0


# ماگۆزوە


Lesley Koyi
Wiehan de Jager
Agri Afshin


5

کوردی ckb

لە شاری قەرەباڵغی “ناروبی” دوور لە ژیانی ئاسایی ماڵەوە، دەستەیەك لە کوڕانی بێ ماڵ ژیانیان بەسەر دەبرد. ئەوان هەموو رۆژێکیان بەو جۆرەی کە دەهات پێشوازیان لێ دەکرد. بەیانیان کوڕەکان رایەخەکانیان کۆ دەکردەوە کە شەوێ لە سەر پیادەرەوێکی ساردا نووست بوون. لە سەرمان بۆ خۆ گەرم کردنەوە ئاگریان بە زبڵ کردەووە. یەکێك لە کوڕەکانی ناو ئەو گروپە، ماگۆزوە بوو. ئەو تەمەنی لە هەموان کەمتر بوو.

کاتێک دایك و باوکی ماگۆزوە مردن، ئەو تەمەنی تەنیا
پێنج ساڵ بوو. ئەو ڕۆیشت بۆ ئەوەی لەگەڵ مامی ژیان
بەسەر بەرێت. بەڵام ئەو پیاوە ئاگای لە منداڵەکە نەدەبوو.
ئەو خواردنی تەواوی بە ماگۆزوە نەدەدا. ئەو کوڕەکەی
ناچار کرد کە کاری زۆر سەخت بکات.

ئەگەر ملاگۆزوە گلەیی یان پرسیارێکی کردبایە، ملامی لێی دەدا. کلاتێک ملاگۆزوە پرسیاری کردبا کە ئەو دەتوانێ بچێتە قوتابخانە، ملامی لێی دەدا ودەیگوت: “تۆ گێلی و فێری هیچ شتێك نابیت.” پاش سێ ساڵ بەو شێوازە هەڵسوکەوتە، ملاگۆزوە هەڵات و لە ملامی دوور کەوتەوە. ژیانی سەر شەقامی دەستپێکرد.



ملاگۆزوە لە حەوشەی خانووە سەربان سەوزەکە دانیشتبوو و چیرۆکیکی منداڵانی دەخوێندەوە، کە لە قوتابخانە پێیان دابوو. تۆملاس هات و لە لای دانیشت. تۆملاس لێی پرسی: “بابەتی چیرۆکەکە چییە؟” ملاگۆزوە لە وەڵامدا گوتی: “لەبارەی کوڕێکە کە دەبێتە ملامۆستا.” تۆملاس لێی پرسی: “ئەو کوڕە ناوی چییە؟” ملاگۆزوە بە زەردەخەنەوە وەڵامی دایەوە : “ئەو کوڕە ناوی ملاگۆزوەیە.”

ژیانی سەر شەقامەکان زۆر سەخت بوو، زۆربەی کوڕەکان ڕۆژانە خۆیان ماندوو دەکرد هەر بۆ ئەوەی خواردنیان دەست کەوێت. هەندێك جار دەگیران و هەندێك جارانیش لێیان دەدرا. کاتێکیش نەخۆش دەکەوتن، کەس نەبوو یارمەتیان بدات. گروپەکە پشتیان بەو پارە کەمەوە دەبەست کە لە ڕێگای سواڵ کردن و لە فرۆشتنی پلاستیکی کۆن و ئەو کەرەستانەی کە سەرلە نوێ بەکاردێنەوە، دەستیان دەکەوت. ژیان بە هۆی پێکدادان لەگەڵ گروپەکانی دیکەی ڕکابەریان ئەستەمتر دەبوو کە دیانویست بەشەکانی شارەکە کۆنترۆڵ بکەن و بیخەنە ژێردەسەڵاتی خۆیانەوە.



مالگۆزوە لە قوتابخانە دەستی بە خوێندن کرد و پێی زەحمەت بوو. ئەو زۆر شت هەبوو کە دەبوایە بە دەستی بهێنێت. جاروبارە بیری لێدەکردەوە کە واز بهێنێت. بەڵام ئەو بیری لە فرۆکەوانەکە و یاریزانی تۆپی پێیەکەی ناو کتێبی چیرۆکی منداڵەکان دەکردەووە. ئەویش وەك ئەوان کۆڵی نەداو وازی نەهێنا.

رۆژێکیان کە ڵاگۆزوە لە ناو تەنەکە زبڵەکاندا دەگەڕا، کتێبێکی چیرۆکی کۆنی منداڵانی دڕاوی دۆزیەوە. ئەو تەپو تۆزەکانی لەسەر تەکاندو لە کیسەکەی خۆی ھاویشت. دوای ئەوە ھەموو رۆژێك کتێبەکەی دەردێنا و چاوی لە وێنەکانی دەکرد. ئەو نەیدەزانی چۆن وشەکان بخوێنێتەوە.



لە دوای ئەوە ڵاگۆزوە رۆیشتە ناو ژووری خانوویەك کە سەربانەکەی سەوز بوو. ئەو لەگەڵ دوو کوڕی دیکە پێکەوە لە ژورێکدا بوون. دە مناڵ بوون و پووورە سیزی و مێردەکەی، سێ سەگ، پشیلەیەك و بزنێکی پیر لە ناو خانووە دا دەژیان.

وێنەکان چیرۆکی کوڕێکیان باس دەکرد کە دەیهەویست ببێتە فرۆکەوان، کاتێك کە گەورە دەبێت. ملاگۆزوە هەموو رۆژێك لە دونیای خەیاڵاتی خۆیدا ئاواتی دەخواست کە فڕۆکەوان بوایە. جاروبارە وای بە خەیاڵدا دەهات کە ئەو کوڕەی ناو چیرۆکەکە بۆخۆیەتی.



ئەو لەبارەی مەترسیەکانی خۆی لەگەڵ تۆملاس قسەی کرد. بە تێپەربوونی کات پیاوەکە دڵنیایی بە کوڕەکە دا کە ژیان لە شوێنە تازەکە دەتوانێ باشتر بێت.

هەوا سلرد بوو و ملاگۆزوەھ لە کەنار شەقامەکە راوەستا بوو و سوالّی دەکرد. پیاوێك چۆ بۆ لای. پیاوەکە گوتی: “سلّاو من ناوم تۆملاسە. من لەو نزیکلانەوە دەژیم، لە شوێنێک کە دەتوانی شتێک بخۆی” ئەوەی گوت و ئاملاژەی بە خانوویەکی زەرد کرد کە سەربانەکەی شین بوو. ئەو پرسیاری کرد و گوتی: “هیواداربم کە تۆ بچیتە ئەوێ کە هەندێ خواردنت دەستبکەوێ؟” ملاگۆزوە تەملاشایەکی پیاوەکەی کردو پاشان تەملاشایەکی خانوەکەی کرد و گوتی: “لەوانەیە” و رۆیشت.



ملاگۆزوە لە بارەی ئەو شوێنە تازەیە و سەبارەت بۆ چوونە قوتابخانە بیری کردەووە. ئەگەر ملامی ئەو راستی بگوتبایە کە ئەو نەفامتر لەوە بوایە کە شتێك فێر ببێت چی؟ ئەگەر ئەوان لەو شوێنە تازەیە لێی بدەن چی؟ ئەو ترسلابوو. ئەو بیری کردەووە کە: “رەنگە باشتر وابێ کە لە سەر شەقامەکلان ژیان بەسەر بلات.”

بە درێژایی مانگەکانی دواتر کوڕە بێ لانەکان بە دیتنی تۆماس لەو دەوروبەرە راهاتبوون. ئەو حەزی لێ بوو کە لەگەڵ خەڵك قسە بکات، بەتایبەت ئەو خەڵکانەی کە لەسەر شەقامەکان دەژیان. تۆماس گوێی لە چیرۆکی ژیانی خەڵکی رادەگرت. ئەو راستگۆ و خۆڕاگر بوو، هەرگیز بێ شەرم و بێ ڕێز نەبوو. هەندێك لە کوڕەکان دەچوونە ناو خانوە زەردو شینەکە بۆ ئەوەی نانی نیوەڕۆیان دەست بکەوێت.



لە سەروبەندی دەیەمین ساڵڕۆژی لە دایکبونی ماگۆزوە دا، تۆماس کتێبێکی منداڵانی تازەی بە دیاری دایە. کتێبەکە چیرۆکی کوڕێکی خەڵکی گوندی بوو کاتێ گەورە بوو یاریزانێکی بە ناوبانگی تۆپی پێی لێ دەربچێت. تۆماس ئەو چیرۆکەی چەندین جار بۆ ماگۆزوە خوێندەوە تا رۆژێکیان ئەو گوتی: “من پێم وایە کاتی ئەوە هاتووە کە تۆ بچیتە قوتابخانە و فێری خوێندنەوە ببیت. رای تۆ چییە؟” تۆماس بۆی روونکردەوە کە ئەو جێگایەك پێدەزانێ کە منداڵان دەتوانن لەوێ بمێننەوە و بۆ قوتابخانەش بڕۆن.

مەگۆزوە لەسەر پیادەڕەوەکە دانیشتبوو و چاوی لە
وێنەکانی ناو کتێبەکە دەکرد کاتێك کە تۆماس هات و لە
نزیك ئەو دانیشت. تۆماس پرسیاری لێکرد: “چیرۆکەکە
باسی چی دەکات؟” مەگۆزوە وەڵامی دایەوە: “کتێبەکە
سەبارەت بە کوڕێکە کە دەبێتە فڕۆکەوان.” تۆماس لێی
پرسی: “کوڕەکە ناوی چییە؟” مەگۆزوە بە هێمنی وەڵامی
دایەوە: “نازانم، من ناتوانم بخوێنمەوە.”



کاتێ چاویان بەیەك کەوت، مەگۆزوە چیرۆکی ژیانی خۆی
بۆ تۆماس گێڕایەوە. چیرۆکی مامی و هەروەها بۆچی ئەو
هەڵاتووە. تۆماس زۆر قسەی نەدەکرد ئەو بە مەگۆزوە شی
نەدەگوت کە دەبێ چی بکات، بەڵام بەردەوام بە جوانی
گوێی رادەگرت. جاروبار ئەوان کاتێك لە خانووە زەرد و
شینەکەدا خەریکی نان خواردن بوون، قسەیان دەکرد.